# سەرفراز وسەرکەوتووە ئەگەر ڕاست بکات

لە تەڵحەی کوڕی عوبەید اللە وە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ئەهلی نەجد کە قژی پەرش وبڵاو بوو، وگوێمان لە بەرزی دەنگی بوو، ونەمادەنزانی چی دەڵێت، هەتا نزیک بووەوە لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وپرسیاری ئیسلامی لێی کرد، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «پێنج نوێژ لە ڕۆژ وشەوێکدا»، پیاوەکە ووتی: ئایا هیچ نوێژێکی ترم لەسەرە (جگە لەم نوێژە فەرزانە)؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «نەخێر، مەگەر خۆت نوێژی سونەت بکەیت، وڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان»، پیاوەکە ووتی: ئایا هیچ ڕۆژوویەکی ترم لەسەرە (جگە لە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان)؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «نەخێر، مەگەر خۆت ڕۆژووی سونەت بگریت»، وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- باسی زەکاتی بۆی کرد، پیاوەکە ووتی: ئایا هیچ (بەخشینێکی) ترم لەسەرە (جگە لە زەکات)؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «نەخێر، مەگەر خۆت خێری سونەت بکەیت»، پیاوەکە دوور کەوتەوە ودەیووت: واللە، هیچ شتێک بۆ ئەمانە زیاد ناکەم وهیچیان لێ کەم ناکەمەوە، بۆیە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «سەرفراز وسەرکەوتووە ئەگەر ڕاست بکات».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پیاوێك لە خەڵكی نەجد هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە قژی پەرش وبڵاو ودەنگێکی بەرزەوە، ونەدەزانرا چی دەڵێت، هەتا نزیك بوویەوە لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وپرسیاری سەبارەت بە ئیسلام کرد؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەرەتا باسی نوێژی بۆ کرد، وپێی فەرموو کە خوای گەورە پێنج نوێژی لەسەری فەرزکردووە لە ڕۆژ وشەوێکدا. پیاوەکە ووتی: ئایا هیچ نوێژێکی تر لەسەرم واجبە جگە لەم پێنج نوێژە؟ فەرمووی: نەخێر، مەگەر خۆبەخشانە نوێژی سونەت بکەیت. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: لەو شتانەی خوای گەورە واجبی کردووە؛ ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان. پیاوەکە ووتی: ئایا هیچ ڕۆژووگرتنێکی تر لەسەرم واجبە جگە لە ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان؟ فەرمووی: نەخێر، مەگەر خۆبەخشانە ڕۆژووی سونەت بگریت. پاشان باسی زەکاتدانی بۆ کرد. پیاوەکە ووتی: ئایا هیچ خێرکردنێکی ترم لەسەر واجبە لەپاش زەکاتدانی فەرز؟ فەرمووی: نەخێر، مەگەر خۆبەخشانە خێر بکەیت. پاش ئەوەی پیاوەکە ڕوونکردنەوەی ئەم فەریزەتانەی بیست لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- ؛ دوورکەوتەوە وسوێندی بە خوای گەورە خوارد کە پابەند دەبێت پێیانەوە بەبێ ئەوەی هیچ شتێکیان بۆ زیاد کات وبێ ئەوەی لێیان کەم بکاتەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەپاش قسەکانی پیاوەکە فەرمووی: ئەگەر پیاوەکە ڕاست بکات لەسەر ئەوەی سوێندی لەسەر خوارد ؛ ئەوا لە سەرفرازان دەبێت.